# گەرەلاوژێی ئەخلاقی لە
# ژن کوشتن و ژن بەکوشت دان دا

نیگار نادر

ژن کوشتن بۆتە ئەو پرسەی ئەورۆ دەبێ بە قووڵی تێی بهزرین رەهەندەکانی شرۆڤە بکەین پلان و نەخشەو بکەرەکانی دەستنیشان بکەین و چونکە ژن کوشتن لەژێر ناوی جوداداو لەژێر دەمامکی جودادا بەرەو ئەوە دەڕوا ببێتە ئەخلاق ومەرامەکانی دوژمنانی کورد بپێکێ.

بەخشینەوەی ئەخلاق و داماڵینی ئەخلاق بەرە بەرە خەریکە دەبێتە دیاردەو ڕەگ دەهاوێتە ناو هەموو کایەکانی ژیان لەبۆیە دەبێ ببنتە جێی هەڵوێست و تێڕامانێ و دەبێ لەخۆمان بپرسین کێن ئەوانەی ئەورۆ و لەو قۆناخەی ژیانی کومەڵایەتی کوردا ئەخلاق بەسەرخەڵک دا دەبەخشنەوە؟
کێن ئەوانەی ئەوڕۆ ئەخلاق لە خەڵک دادەماڵن.

ئەو کردارو بابەت و ڕەفتارانە چین کە دەچنە ناو پێناسەی ئەخلاق و ژێر پێناسەی ئەخلاق؟ کێن ئەوانەی پێناسەکانی ئەخلاقی سیاسی و ئەخلاقی ڕۆشەنبیری و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی دا دەڕێژن و کێ پێشێلکارەکانیان سزا دەدا؟

چەمکی ئەخلاق لەهەر کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دی دهێتە گۆڕین و ماناو پێناسەی جودا جودا لەخۆ دەگرێ و پەیوەندیەکی قوڵی هەیە دەگەڵ کەلتوری ڕۆشەنبیری و کەلتوری سیاسی و پێگە مەعریفیەکانی هەر نەتەوەیەک.

گەلەک ڕوون وئاشکرایە ئەو کەسەی ئەخلاق بەخشەکان پەسەندی نەکەن و بەخودان ئەخلاق و شایستە ناوزەدی نەکەن دەکەوێتە پەراوێزی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشەنبیریەوە ، بەپێچەوانەشەوە ئەو کەسەی ئەخلاق بەخشەوەرەکان بیهێننە بەرچاوان و بە خودان ئەخلاق و ئازاو خەباتکەر ناوزەدی بکەن ئەوا دەبێتە پاڵەوان و دەکەوێتە گەمە لەناو هەڵبژاردنی پۆست و لێپرسراویەیەکاندا دەبێتە داهێنەری مێژوو.

بەدیوێکی دیدا ئەوکەسەی ئەخلاق داماڵەرەکان لێی ڕەزامەند نەبن ئەوا بە ویستی خۆیان پروپاگەندەی بۆ دەهۆنەوەو بە جۆرەها شێوازان هەتکی دەکەن و دەیکوژن، بەپێچەوانەشەوە هەرکەسەکی ئەخلاق داماڵەرەکان پەسەندی بکەن بە گوڕ کاری لەسەر دەکەن و پێی دەگەیەنن و دەیکەنە ڕەکابەرو تێکدەری هەموو بەهاو جوانی و پێشکەوتنەکان.

هەر گۆرانکاریەکی کەلتوری کۆمەڵێک گۆرانکاری ئەخلاقی بە دوی خۆدا دەهێنێت کەدەکرێ بلێین هەندەکیان زۆر بە پێزن دەبنە بنەما بۆ بوژانەوەی بەها لەدەست چوەکان و داهێنان و پاراستنی مێژوو کەلتور لێ هەندێکیان هێندە قێزەوەن و خەتەرن دەبنە هۆی نەمانی ویژدان و ڕسکان و هۆی

دروستبونی( قەیرانی ئەخلاقی)دەکرێ ئەو قۆناخە ناو بنێین بە کەوتنە ناو قەیرانی ئەخلاقی کە لە کۆمەلگەیەک دا کەس خۆی بە بەرپرسی بنەماو بەها کەلتوریەکانی ژیان نەزانێ و، هەموو تێکرا بە شێوازی جودا جودا پشکیان هەبێ لە بێ بەها کردنی ژیان و خۆیان بێدەنگ کەن لەهەموو پێشێلکاریەکان و کەسانی هەلپەرست ودۆڕاو لەهەموو کەناڵە چارەنوسازو هەستیارەکانی ژیاندا خودان بڕیاری چارەنوسازبن.

هەروەها ئەو دەمەی تێکڕایی هاولاتیان یەک جۆرە بۆجون و دیدیان هەبێ لەسەر هەموو ڕوداو و دیاردەو پێشهاتێک و تێکڕا یەک دیاردەو ڕەفتار بە ئەخلاق ناوزەدکەن و هەڵسوکەوت و ڕەفتارگەلێکی دی بەبێ ئەخلاقی ناوبنێن، ئەو کەسانەی خودان ڕابوردویەکی ڕەشن و لەهەر کایەکدا کتوپڕ هەڵقوڵاون بێن ئەخلاق ببەشنەوە بەسەر دۆست و هەوادارانی خۆیان دا ئەخلاقیش داماڵن لە نەیارانی خۆیان و دامودەزگایەکانیان.

هەموو دەزانین کە کۆمەڵگەی کوردی لەسەرەتای دروست بونێ یەوە بە گۆرانکاری وەها تیژڕەو زنجیرەیدا تێنەپەڕیوە و هەموو کایەکەنی پێکڤە نەهاتونەتە گۆڕانێ و تاکەکانی بەو ڕێژەیە نەکەوتونەتە بەر تەوژمی تەکنەلۆژیا وکەرەستەو ئامێرو هەتا خواردەمەنی ولاتانی دەرێ و بەتایبەتیش ئەو گۆڕانانەی لە کردارو ژیانی ئافرەت دا ڕوویان داوە دەبێ لەسەریان راوەستین بۆنموونە30 % ئافرەتان هاتونەتە دەرێ و بە شەپۆل هاتونەتە ناو کاری ڕێکخراوەیی و شوفێری و دامەزران و کار کردن و ئەگەر بەراوردی ئەوە بکەین لەگەل چوار سال بەرلەئێستا ڕێژەیەکی زۆرە.

گۆرانکاری کەلتوری یەکە لە گۆرانکاریە هەرە هەستیارەکان چونکە زۆر جاران گۆرانگاری سیاسی و گۆرانکاری مێژوویی و کۆمەلایەتی ڕودەدەن لێ شتاقیان وەکو گۆڕانی کەلتوری چڕوپڕو پڕ گرێ وگۆڵ نین.

ئەگەر بەچاوێکی ورد ئەو قۆناخەی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بخەینە ژێر سەرنج و هەڵوێست و لێدوانێ بۆمان روون دەبتەوە کە ئەو کۆمەڵگەیە پێکهاتەیەکیتێکەڵبووە لە پاشماوەی ئەنفال و پاشماوەی هەڵەبجەو پاشماوەی براکوژی پاشماوەی شەڕی عێراق کەهەر یەک لەو ڕوداوو کارسات و قڕکردنانە کۆگەلێک گۆرانکاری بە درێژایی بیست ساڵی ڕابردوو بەسەر کۆمەڵگەو ئەخلاق و ڕەوشتی تاکەکانی داهێناوە،هەروەها هەر یەک لەو کارەساتانە ئەگەر کاریگەری راستەوخۆو ئەخلاقی نەبوبێ بۆ سەر ناخی و ویژدانی هەر تاکێک حەتمەن کاریگەری ناراستەوخۆی هەر هەبوەو بەجێهێشتوە،لەهەر یەک لەو کارەسات و ڕووداوانە کۆگەلە ئەخلاق و ڕەوشتیک بەجێ ماوەو چەسپاوە کۆمەڵیک ڕەوشت و ئەخلاقی دی لەدەست چووە و ئاوابووە.

لێرەدا جێی خۆیەتی ڕامینین لەوەی کۆمەڵگایەک تا ئێستا تژی بێت لە پیاوانی دەست سۆر بەخوێنی براکوژی و پیاوانی دەست ڕەش بە تاوانی ئەنفال و هەزارەها پیاوی دڵ ڕەشی سیخوڕو فایلدار تێیدا حاکم و بڕیار بەدەست و بەدەم بن و هەڵسوڕێنەری ڕەوشی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری بن ئایا ئەو کۆمەڵگایە لە قەیرانێکی قوڵ وترسناک دا ناژی؟ کۆمەڵگەیەک هەتا ئێستا

ئەخلاقیاتی جاشایەتی و ئەخلاقیاتی براکوژی و ئەخلاقیاتی ئەنفالچیەتی و ئەخلاقیاتی سیخوڕیەتی فایلداری تێیدا بەبرەو بێ و ئاسایی بێ زۆر بەئاسانی زەمینە تێیدا دەرەخسێ بۆداپۆشین و ڕێخۆشکردن وگەشەکردنی ئەخلاقیاتی ژنکوشتن و ژن بەکوشت دان.

هەروەها کۆمەڵگەیەک تائێستا کتێب و ڕۆژنامەگەری و مێدیاو ڕەخنە وداهێنانی ژن تێیدا کەرەستەیەک بن لە کەرەستەکانی پروپاگەندەو دروشمکاریەو نوسەرو ڕۆژنامەنوس و هونەرمەند و ژن یەک بن لەبابەتەکانی بەزەیی پێداهاتنەوەو سوک مامەڵە لەگەڵ کردن و سوک سەیرکردنێ و بەهەند وەرنەگرتنی ناوو دەنگ وتایبەتمەندیان لە پێکهاتەی ژیان و گۆرانی کۆمەڵایەتی دا، بەپۆل کرۆشمە بوونی نوسەرو رۆشەنبیران لەبن باڵی حیزبەکاندا، ژنەکانە بەرچاوەکانی هەر خەریکی دانوساندنێ بن لەسەر کورسی و دەسەڵات و خۆ نەمایشکردنیان ئایا ڕۆشەنبیران و ژنانی لە قەیرانیکی ئەخلاقی قوڵ دا ناژین؟

تێکەڵ بوون وتێکچڕژانی ئەو تاک و گروپانە کەوتنە بەر دەستاڕو گەمەی حیزبایەتی ئەو چەند ساڵەی دەکرێ یەک بێ لە هۆکارە گەرە سەرەکیەکانی بۆ دروست بوونی قەیرانێکی ئەخلاقی چەقبەستوو،هەروەها قەیرانی ئەخلاقی ئەو دەمانە دەگاتە ترۆپک و گەشەکردنی کە پاش دەست سۆر بوون بە شەڕی براکوژی دەستت نانە خوێنی یەکتری بەهەموو شێوەیەک و بە جۆرەها بیانوو دەستت بخەنە خوێنی ژنان و دەستت بکەن بە ژنکوژی و قوربانیەکانی ژنکوژیش لە قوربانیەکانی براکوژی بێسەرژمێرترو بزرتر بکرین.

یەک لەدەرهاویشتە هەرە دیارو بەرچاوەکانی قەیرانی ئەخلاقی(کوشتنە) کوشتنی ژن و هەتکردنی ژنان بەتایبەتی ئەوەی دەبێ لەبیرمان نەچێ و بەهەستیاری لێی بڕوانیین کە نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی خودان کەلتورێکی پاک و جوان بووە ژن خودان پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاواز بووە لە گەلێک قۆناخی مێژوویی هەستیاردا و ژنی کورد ژنێکی کامڵ و خۆڕاگر و ئازابووە چۆکی بۆ دوژمنانی خۆی دانەداوە و ڕێزی خۆی پاراستوە،پیاوی کوردیش ژن کوژ نەبووە،جگە لەهەندێ حاڵەتی تاک دا کە لەناو هەندێک خێڵ وعەشیرەتی دواکەوتوودا ژن کوژراون، لێ ئەو تەوژمە ژن کوژیەیی ئێستا دەبینرێ و ئەو دڕندایەتەیەی بەرامبەر ژن دەکرێ ئەنجامی ئەو ڕووداوو کارەسات و گۆڕانکاریانەی لەو بیست ساڵەی ڕابردودا بۆتە هۆی گەرەلاوژێیەکی ئەخلاقی سەمەرەو بە ئامانجی کوشتن و هەتکردنی ژنان و نەمانی بەلانسێک بۆ ژن بەو واتایەی یا دەبێ ژن بگەڕێتەوەو نمایشی ئەو دەورە بکا کە ڕەوتە ئیسلامیەکان پێیان پەسەندە یا دەبێ ڕووی ئەو کاراکتەرە بنوێنێ کە جاڕدەرەکانی ئەو ئازادیە ساختەیەی بە ژنی خودان ماف و جەستەی ئازاد سەریان لە ژنان تێکداوە ژنانیان بەپەلە پەل خستوون بۆ بونە ژنێکی ئازادی لە ژنانی ئەوروپی چوو بە رووخسار وجەستە هەنگاوی بەپەلەی بۆ بهاوێن و لەئەنجامێشدا تێدا بچن.

(ژن کوشتن) لەچەند جۆرێک پێکدێت و بەچەند شێوازو کەرەستان پیادەکرێت و چەندین مانا لەخۆدەگرێ، کە دیارترین وبەربلاوترینیان کوشتن لەسەر شەرەفە ژن کوژی لەهەموو دونیاداو

لەولاَتانەی لەترۆپکی دیمۆکراسی و ئازادی و سیستەمی یاسایی دان ڕودەدات و بەتایبەتیش لە ولاَتانی جیهانی سێ و ڕۆژهەلاَت دا کە بەشێوازی دڕندە و زۆرجاران قوربانیەکانی بزردەکرێن و یا لاشەکانیان دەخورێن هەموو جارێکێش بکەرەکانیان نابینەرێنەوەو بە سزای خۆیان ناگەن، بەلاَم لەولاتانی پێشکەوتودا یاسا ئەوەندە بە تۆکمەیی پەلوپۆی وردی بۆ ژیان و پارێزگاری ژیانی ژنان سزایی توندی داڕشتوە کە ئەو ڕوداوانە بە دەگمەن ڕوو دەدەن، لەبۆیە خالَی سەرەکی خەباتی ژنی کورد گۆڕینی یاساو دارشتنی یاسایی نویە.

دەگەلَ ئەو جیاوازیەی لەنێوان هەموو کەلتورەکانی دونیایەدا هەیە لێ دەبینین ژن کوشتن لەسەر ئەو کردارانە ڕوودودات کە ژن لە سنورە دیاریکراوەکانی پەیوەندی لەگەل پیاوو خێزاندا دەردەچێ و ژیان بەدلَی خۆی هەلَدەبژێری پێشێلی ئەو دابانە دەکات کە خێزان و پیاوان بەشەرەف ناوی دەنێنن، لێ ئەو ژنکوژیەی ئێستا لە کوردوستان هەیە پەیوەندی قولَی هەیە دەگەلَ بوونی ئەو تێکچرژانە سیاسەی و ئەخلاقیە چەقبەستوەی ژیانی کوردی لێک هەلَوەشاندوەو داگیرکەرانی وەک ئەمەریکا تۆڕو شانەی وردیان بۆ بلاوکردۆتەوە و یەکە لەسیاسەتە نەبینراوەکانیان بۆ لێک هەلوەشانی ژیانی ئەو کۆمەلَگەیەی داگیری دەکەن.

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ژن کوشتن لە کۆمەلَگەی خۆمان بدەینەوە دەبێ لە کوشتنی ئەو ژنانەڕا دەست پێبکەین کە ڕژێمی بەعس بە دڕندەیی پەلکێشی دەکردنە ناو پەیوەندی لەگەلَ پیاوانی مەخابەرات و دەست ڕۆیشتووی خۆی و بەلەش فرۆش ناویان دەرۆیی پاشان لەلایەن شۆرشەوە دەکوژران، هەروەها پاش ڕاپەرینیش کۆمەلێک ژن کوژران و بێسەروشوێن کران بە ژنی خەراپ ناوزەدکران بەرەبەرەش بەدرێژایی حەڤدەساڵە ژن بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لەلایەن کەسانی دەست رۆیشتوو چەکدارەوە کوژراون سوتێنراون بەئاوێ دادراون خنکێنراون و لووت ولێویان بڕاون و هەتک کراون.

شیوازێکی دیکەی ژن کوشتن لەشەڕی ناوخۆدا بوو کە بەجۆرەها بیانوو ژن بوونە قوربانی و تۆمەتیان درانە پالَ و زیندانی کران و پاشانیش بەبزری کوژران، هەروەها خۆسوتاندنی ژنانیش کوشتنێکی گەرمە کە ژنان ناچار دەکرێن بە خۆکوشتن بە ئاگر بەردانە جەستەی خۆیان و خۆکوشتنیان.

شیوازێکی دی هەر لە ناو شەڕی براکوژی دا بووە قوربانیەکانی کیژە گەریلاکان بوون کە لە چیایەکان یا لەشەڕدا یا لەناو کەمین دا یا زۆرجاران بەدیلی دەکوژران و شانازی بە کوشتنیانەوە دەکرا بەسەرکەوتن ناوزەد دەکرا.

هەتا پاش ئازادکردنی عێراق دەگەلَ دەسپێکردنی ئەو گۆرانکاریە گەورەو چرانەی لە ژیانی کۆمەلاَیەتی دا ڕوی داو تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی بەربلاَوو بەبێ یاسایی ژیانی خەلَکی داپۆشی بەتایبەت مۆبایل، ژن بوو بە گەورەترین قوربانییەکانی ئەو گۆرانکاریەو تەکنەلۆژیا بوتە کەرەستەیەک بۆ هەتکردنی ژن و بەکوشتدانی کە گەیشتە قۆناخی دڕندایەتی ئەویش ئەوشێوەیی کە

دۆعای کیژە یەزیدیی پێ بەردەباران وپێ شەهید کرا.

ئەگەر وورد سەرنجێ بدەین هەست دەکەین بەگەشەسەندنی لەش کڕین و لەش فرۆشتن و لەش کوشتن لەیەک کاتدا زۆربەی پیاوە لەش کڕەکانن دەبنە لەش کوژو دەست دەخەنە خوێنی ژنان بە جۆرەها شێواز،دەست نانە خوێنی ژنانیش چەندشێوازی هەیە کە لێرەدا زۆر بە چڕی ناچمە ناویان تەنها بەسەرنجێک تێیدەڕوانین و دەبینین هەندەک دەمان کوشتنی ژن هەر ئەوەنیە ژن گیانی لەدەست داو بمرێ، شێوازگەلێکی دیکەی کوشتن هەنە وەکوو ژنە شەهیدەکان و ژنانی پاشماوەی ئەنفال و هەڵەبجە و ژنە بێدەرامەتەکانی بە کوێرەوەری کەوتونەتە پەراوێزی کۆمەڵگەو لەوێڕا لە زۆربەی ژنە دەمگەرم و موشەخۆرەکان دەڕوانن کە بەناوی ئەوانەوە سواڵی ئازادی و یەکسانی دەکەن و رێکخراوو سەنتەرەکانیان لەدەرەوە و لەناوەوە پێ بەڕێوەدەبەن و بازرگانی بەخوێن و ناویانەوە دەکەن.

هەروەها شێوازێکی دیکەی کوشتنێ تۆقاندنی ژنان بەهۆی تۆمارکردنی وێنەو دەنگیان و هەرەشە کردن بە بڵاوکردنەوەی و دەستەمۆ کردنیان بۆ مەرامی گڵاوی بکوژەکانە.

دەبێ ژنان خەباتی ڕاستەقینە بکەن بۆ گۆڕینی یاسا کانی باری کەسی و دارشتنی یاسای نوێ بکەن کە خەباتی زۆر و قوربانی زۆری پێدەوێ ئەوەش دۆخی سیاسی لەبارو کەسانی لەخۆبردووی پێویستە،چونکە پێشیلکاری بەرامبەر ژیانی ژنان گەیوەتە لوتکە وەک دەبینین وێنە گرتنی کوشتنەکان و بڵابوونەوەیان یا وێنە گرتنی هەتککردنی ژنان بە موبایل بۆتە مۆدەیەک بکوژەکان کاری لەسەر دەکەن پلانێکە لە پلانەکانی تۆقاندنی ژنان ودەسبەسەر کردنیان.

لەبۆیە دەبێ بەتەنها ئاماژە بە کوشتنی ژنان نەکەین دەبێ زۆر بە ووریایەوە ئاگامان لە بەکوشدانی ژنانیش هەبێ کە خەتەرێکی گەورەیە بۆ سەر ژنان و یەک لەدەرهاویشتە دیارەکانی گەرەلاوژێی ئەخلاقی و گۆرانی کەلتوریە، ژنی کورد ئێستا لەهەستیارترین قۆناخی ژیانی دایە لەئەنجامی ئەو گۆرانە کەلتوریە بۆیە دەبێ هێندە هۆشیار بن کە چۆن مامەڵە لەگەل کەلتوری خۆو تەکنەلۆژیا وئازادی بکەن نەوەکو سەڕەرای نەخوێندەواری نەهامەتی خۆیان هانبدرێن بۆ دروشمەکانی ئازادی جەستەو یەکسانی لەگەل پیاوان و ژنان هۆشیار بکرێنەوە بەرامبەر ئەو چەکە بێدەنگانەی بە کوشتیان دەدات و دەیانکاتە قوربانی کە مۆبایل یەکەمیانە.

گەرەلاوژەی ئەخلاقی ئەو دەمانە رەگی دەهاوێ کە ماناکانی ئەخلاق دەشێوێن و کوشتن و بەکوشتدان لێک جیاناکرینەوەو نەمانی ئەخلاق دەبتە ئەخلاق و لەش کڕەکان دەستت دەکەن بەکوشتنی ژنان و خەڵک توشی سەرلێشێوانێکی ئەخلاقی دەبێ و هەرکەس و هەر گرووپ و رێکخراو حیزبێک لەبەر خۆیەوە پێناس و بۆچونێکی لەسەر ئەخلاق دەبێ و ژنانیش تییدا دەبنە قوربانی و بەکوشت دەچن.

ئەو دەمەی ژنان نازانن کێهە ئەخلاقە ڕەچاوکەن و کێهە ئەخلاقە دروستەئەو ئەخلاقیاتەی زۆربەی ژنانی خۆ بەفێمینیست زان و ئازاد جاڕی بۆ دەدەن یا ئەو ئەخلاقیاتەی خێزان و کەلتوری سەرکوتکەری لەپاشە یا ئەو ئەخلاقیاتەی دەزگاو دامەزراوە مەدەنیەکانی دایانڕشتوە بۆ کار کردن وبەرەو پێشچوون و پێگەیاندنی ژنانە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا، ئەوا بە هەرەمەکی مل

دەنێن تا وەکو دەوروبەر بە ژنێکی مودێرنیان وەسف بکا و لەئەنجامیش دەسکەوتێک وەدەست بێنن دەکەونە هەڵدێرێک و تێیدا دەبنە قوربانی و بە هەتککردن وبەکوشت دەدرێن.
_____________________

*بۆ هەرکەسێک دەیەوێ زیاتر زانیاری بەدەست بێنن لەسەر کوشتنی ژنان لەزۆبەی وڵاتانی دونیادا ئەوا دەتوانن‌لەسەر سایتی گۆگل ئەو ناونیشان و لینکانە بنوسن:

- Women honour killings
- Stop honour killings
- WNN_ Women news Network
- Women’s News
- Amnesty international
- Human Right council

*جێی ئاماژەیە ئەڤ وتارە درێژەی ئەو بابەت و باسانەیە کە لەسەر ئەو گەڕەلاوژێی سیاسیەی لە کوردوستاندا دەگوزەرێ دەینوسم ، بەشی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە.